# مافی مانەوە لە ئەڵمانیا

**سیروان بابان _ئەڵمانیا**
baban5@msn.com

لە نوسینێکمدا لەسەر ماف مانەوە لەنۆرنبێرگ ( ئەڵمانیا) لەرۆژی ١٠. ٠٥. ٠٣ دا ئیشارەم بەوەدابوو کە بەشێوە یەکی سەر بەخۆ و بێلایەنانە بەنامەو تەلەفوون داوام لە زۆر لە بەرپرسانی ئەم شارە کردبوو کە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ سازبکەم تاکوو وەڵامی چەندین پرسیار وەربگرم کە بەگشتی دانیشتوانی بێیانی و بەتایبەتی کوردەکانی نیگەران کردوە. *. . . . .

خۆشبەختانە لەرۆژی ٢٣. ٠٥. ٠٣ دا وەڵامی بەرێز ( د. هارتموت فرۆمێر) Dr.Hartmurt Frommer بەرێوەبەری ماف و ئاساییش لە شاری نۆرنبێرگ لە رێگە ی ئیمەیلێکەوە بەدەستم گەییشت کە بەرێزیان رۆژی ٠٣. ٠٦. ٠٣ ی بۆ چاوپێکەوتنەکەمان دیاری کردبوو وەهەروەها بەڵێنی ئامادەبوونی بەرێز ( پرۆکش) Herr: Proksch ی بەر پرسی دائیرەی کاروباری بێگانە لەم شارەدا پێ دابووم. . .

رۆژی دیاریکراو بەئامادەبوونی ( فریدریش پۆپ) Herr: Fridrich pop بەرێوەبەری ئەنجومەنی شارەوانی بێگانە لەم شارەدا چاو پێکەو تنەکەمان ئەنجامدا.

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە هەردوو بەرێز داوایان لێکردم کەلە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەدا بە گشتی باس لەو خاڵانە بکەم کەلەو دانیشتنەدا باسمان لێوەکردن نەك لەشێوەی پرسیارو وەڵامدا * ئەویش لەبەرئەوەی کە هەریەك لەو دوو بەرێزە بەرێوەبەری دوودەزگای جیاوازن و وەڵامی پرسیارە کانیشم هاوکات و بەپێی پێویست لەلایەن هەردوو لاوە وەردەگرت، هەرچەندە ئەم کارە بۆ من ئاسان نەبوو بەڵام پاش ئەوەی بەڵێنی ئەوەم لێوەرگرتن کەلە داهاتووەیەکی نزیکدا هەریەکەو بەجیا دیدارێکی رۆژنامەوانیان لەگەڵ سازبکەم ئەو سا قاییل بووم. .

بۆیە لێرەدا هەووڵ دەدەم بەشێوەیەکی شیاو پوختەی پرسیارەکانی من و ئەنجامی وەڵامەکانی ئەو بەرێزانە بخەمەبەردەستی خوێنەری بەرێز. . . بەئومێدی ئەوەی سوودمەند بێت و منیش پەیمانەکەمم نەشکاندبێت. . . . .

ئەوەی شایانی باسە و بەشێوەیەکی گشتی پرسیارەکانم سەبارەت بە درێژ کردنەوەی ( *ئیقامە*) مافی مانەوە لە شاری ***نۆرنبێرگ*** دا کە بەهۆی پڕ کردنەوەی ئەو فۆرمەوە کەلەلایەن دائیرەی بێگانەوە دەخرێتە بەردەستی پەنابە ران بوەتە هۆی دواخستنی زۆر لەو داوایانە و کەئەمەش گرفتی زۆری بۆ درووست کردوون، وەدەربارەی ئەوەی ئایا بۆچی لەهەموو شارەکانی تری ئەڵمانیادا ماوەی ئیقامە ٢ ساڵەو تەنها لەم شارەو دەورو بەری نەبێت تەنها ساڵێکە هەروەها سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراقی پاش سەدام و بریارەکانی ئەم دووایییەی هەر سێ وەزیری ناووخۆی ( ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا) سەبارەت بەگەڕانەوەی عێراقیەکان و پاشە رۆژی ئەو هەموو پەنابەرانە کە بە تایبەتی کەزۆربەیان خاوەنی خێزانن و منالیشیان لە قوتابخانەیە وخۆشیان خاوەنی کارن، هەروەها سەبارەت بەهەمان بریار ئایاکێن ئەوانەی کە دوچاری گەڕانەوەیان دەرکردن دەبن و کەی ئەو بریارە جێبەجێ دەکرێت. . . . . . .

وەچەندین پرسیاری دی کە بڵاوکردنەوەی هەندێکی هەڵدەگرم بۆ کاتێکی شیاو تر. . . . . .

بەگشتی وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون. . .

سەبارەت بەوفۆرمە و ماوەی ١ ساڵ درێژکردنەوەی ئیقامە و هەرچ بریارێکی لەو بارەیەوە ئەوە لە شاری (بەرلین) ەوە دەردەچێت و بەسەر گشت هەرێمەکاندا بڵاو دەکرێتەوە و پێویستە هەموو لایەك پەیرەوی ئەو بریارانە بکەن، بەڵام شاری نۆرنبێرگ هەردەم دەست پێشخەرە لە کارەکانیدا، وە ئەو فۆرمی پرسیارانەش تەنها بۆ دەستنیشان کردنی تیرۆریستانەو دەچێتە خانەی هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی تیرۆرەوە و هیچی تر نیە وەئەمە نەك تەنها بۆ عێراقیە یاخوود کورد یان هەرمیللەتێکی دیاری کراوە بەڵکوو گشتییە وە هەر کەسێکیش درەنگ وەڵام بدرێتە وە یاخود داواکەی پاش بکەوێت هیچ پێویست بەنیگەرانی ناکات چونکە ژمارەی ئەو کە سانە زۆرن کە ئەو بریارە شموول یان دەکات، بەو شێوەیەش کاری زۆر دەوێت بۆیە کاتیشی پێویستە وە ئەمەش تەنها جارێکەو دووبارە ناکرێتەوە لەگەڵ تازە کردنەوەیەکی تری ئیقامەدا.

سەبارەت بە بڕیاری گەڕانەوە یان دەرکردنی عێراقیەکان، بڕیاری لەو جۆرە نەدراوە و نیە لەم کاتە دا و*ئەگەر* بڕیارێکی لەو چەشنەش بدرێت ئەوا بە لایەنی کەمەوە دوو بۆ سێ ساڵی تر دەخایەنێت چونکە عێراق لەم کاتەدا ئارام نیەو حکومەتیشی تیا دانەمەزراوە و واش چاوەڕوان ناکرێت بەم زووانە حکومەتێکی وا بێتە ئاراوە کە بەتەواوی مافەکانی هاووڵاتی تیا پارێزراو بێت. ئەو بڕیارەش کاتێك دەدرێت ئەبێت بەپراکتیك حوکمەتی عێراقی داهاتوو حوکمەتێکی دیموکراتی بێت نەك تەنها بە پشت بەستن بە هەواڵی کەناڵێك یان ڕۆژ نامەیە ك چونکە ئەو کارە وا ئاسان نیە بەڵکو بڕیارێکی لەو جۆرە پاشەڕۆژی هەزاران کەسی پێوە بەندە بۆیە پێویستی بەکات و کاری زۆرە. . . . بڕوانە ئەفغانستان چەند لەمێژە شەڕی تیا نەماوە بەڵام تائێستا هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدراوە. . . .

وە هەروەها گریمان ئەگەر ئەم شتانەش هەمووی لەبەردەستدا بوون و بەم شێوەیەی باس کرا ڕوویدا ئەوسا کێن ئەوانەی کە دووچاری گەڕانەوە یان دەرکردن دەبن لەوکاتەدا ؟

بێگومان ئەمەش لایەنی تری لێدەبێتەوە. . .

ئەوانەی کە کێشەی یاساییان هەیە (farorstV ef) *فۆر شترافە* واتا سزای حوکمیان لەسەرە یان هەر جۆرە تاوانێکیان کردووە و حوکم دراوون. هەروەها ئەوانەی کەبۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر یارمەتی سۆسیال دەژین و هیچ کار ناکەن و خۆشیان ماندوو ناکەن بەدووای کاردا بگە ڕێن کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە وەزیری ناووخۆ بڕیاری تازەنەکرد نەوەی یان ڕاگرتنی ئەو مافی پەنابەرییە بدات کە هەیەتی. . . . . تکایە ئاگادار بە ئەمانەش هەمووی ئەگەری دوورن.

05. 06. 03

** بۆبینینی بابەتەکە تکایە کلیکی ئێرەبکە. . .*

* ئەم پێشەکییە لەسەرداوای ئەوبەڕێزانە نوسراوە.

* لە داهاتوویەکی نزیکدا لەچاوەڕوانی چەند دیدارێکم لەگەڵ چەند پەرپرسێکدا جا هەرچ کەسێك پرسیارێکی گشتی هەیە سەبارەت بەهەمان مەسەلە تکایە پەیوەندیم پێوەبکات بۆئەوەی سوود لەو فرسەتە وەربگرین و بتوانین وەڵامی زۆرترین پرسیار وەربگرین بۆ خزمەتی گەلەکەمان. .